مەسعود بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر دەکات



مەسعود بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر دەکات.

بارەگای بارزانی ڕایگەیاندووە، ڕۆژی پێنجشەممە 1ـی ئابی 2024 لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز یان برەم کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر کرد.لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی دواپێشهاتە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکە و پێوەندیەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و هەورها هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئاوگۆ کرا.

هەر لەو دیدارەدا جەخت لە دەستایەتی و پێوەندیە مێژوویەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا و پەرەپێدانی ئەو پێوەندییانە کرایەوە.